تێبینی کوردستان نێت:

ئەم وتارەی بەڕێز مەلا بەختیار بۆ یەکەمجارە بڵاو دەکرێتەوە، ڕۆژانی داهاتوش لە کوردستانی نوێ لە لاپەڕەی سەرووەری بڵاودەکرێتەوە.

# ئارام..
# شەهیدێکی زۆر خۆشەویستی کوردستان

**مەلا بەختیار**

ئەمساڵ (٢٥) مین ساڵرۆژی شەهیدێکی زۆر خۆشەویستی کوردستان، ساڵرۆژی (ئارام – شاسوار جەلال) ی سەرکردەو براو ڕابەرێکی بڕیاردەری بەرپاکردنی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، کاکە ئارامە.

ئەم یادە، لەو یادە هەرگیز لەیادنەچوانەی مێژووی نوێی کوردستانە، کە بەزیندویی لە ناو خەڵکدا ماوەتەوەو خەڵکیش هەمیشە بەپەژارەیەکی قوڵەوە، باسی دەکەن" باشترین بەڵگەش، ناوی (ئارام) ، زۆرترین ناوی نەوەی نوێی پێ نراوە" زۆرترین وێنەی بڵاوکراوەتەوە" سوێندێکی زۆریش بەگۆڕی شەهید ئارام دەخورێ.

من دڵنیام هەڤاڵانی تر باسی مێژووی خەبات و ژیانی شەهید ئارام و چۆنیەتی شەهیدبوونی دەکەن، بۆیە، پێم باشە یادەوەریەکانم لەگەڵ شەهید ئارام، لەزەمانی خۆشاردنەوەوە، بۆ هەندێك باسی گرنگی بەرپا بوونی شۆڕشی نوێ، بگێڕمەوە. قسەکانی ئەوان دووبارەنەکەمەوە.

## (١)
## سەرەتای خۆشاردنەوە

خۆشاردنەوە بەرامبەر ڕژێمێکی بەئەزمون لە سەرکوتکردن و خاوەن داوودەزگای درێ ئەشکەنجە و کوشتن، یەکێکە لە سەختترین ڕێگاکانی شۆڕشگێڕان. بەتایبەتی بۆ ڕێکخستنێکی وەکو (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) کە یەکەمین جاری بێ پەلاماربدرێ" یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیش تازە دامەزرابێ. ئەویش لە هەلومەرجی دژواری دوای هەرەس. کە نەك هەرەسی عەسکەری، بەڵکو هەرەسی سیاسیی و سایکۆلۆژیشی ڕۆچاندە هەناوی کوردەواری.

کۆمەڵە. . لە (١٩٧٥/٩/٣) لە گرتنی شەهید (ئەنوەر زۆراب) وە، سەرەداوی ڕێکخستنەکانی کەوتە دەست ڕژێم" هەمان شەو کە ئەمن هەڵیکوتابووەسەر ماڵی شەهید ئەنوەر، بڕێ نهێنیان دەستکەوتبوو. لەوەبەدوا، ئیتر بەرە بەرە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە کەوتنە بەر شاڵاوی گرتن و ڕاوەدوونان. دوای ماوەیەکی کورت، سەرکردایەتی کۆمەڵە خۆیشاردەوە، ئەو بەشە ڕێکخستنەی پەیوەندیشیان پچڕا، دەبوو تەگبیری حاڵی خۆیان بکەن. هی وا هەبوو تەگبیری باشی کرد و نەکەوتە داوەوە، هی واش هەبوو لەبەر بێتەگبیری، یان بێباکی، یان درکاندنی نهێنیەکانەوە، تاك تاك و دوو دوو کەوتنە بەردەستی ڕژێم.

مانگی (١٠) ی ساڵی (١٩٧٥) ئیتر پەیتا پەیتا هاوڕێیانی کۆمەڵە یان هەڵدەهاتن و شارەکانی خۆیان جێدەهێشت، یاخود دەستگیر دەکران. ئارام، لەو کەسانە بوو سەیر ڕزگاری بوبوو" ئەمن چوبونە دایرەکەی بۆ گرتنی، بە ڕێکەوت لە ژورەکەی خۆی نابێ، کاك ساڵاری براگەوەری، کە بەڕێوەبەری دائیرەکەی، ئەمنەکان لە ژوری خۆی دادەنێ زوو بە فەراشەکەی دەڵێ: بڕۆ شاسوار بانگ بکە. ئەمەش نهێنیەك دەبێ لەنێوان کاك ئارام و کاك ساڵاردا. کە فەرشەکە بە شەهید ئارام دەڵێ: کاك ساڵار بانگت دەکا و داوات دەکەن، شەهید لە نهێنیەکە تێدەگا و دەست بەجێ لە دەرگای پشتی دائیرەکەوە خۆی دەرباز ئەکا. ئیتر لەوساوە خۆیدەشارێتەوە. خۆشاردنەوەیەکیش دەبوو خۆی تەگبیری حاڵی خۆی بکا، چونکە کۆمەڵە توانای نەبوو.

کاك ئارام دوو دانە مانگ ماڵەوماڵی خزم و دۆست و ناسیاو دەکا. لەوماوەیەش سەرکردایەتی کۆمەڵە لە ڕێی ئێرانەوە بەرەو سوریا ڕۆیشتبون، بەڵام گیرابوون. دوای ئەوە (کۆمیتەی هەرێمەکان) بۆ سەرکردایەتی ڕێکخستن دروست کرابوو، ئەمیش بەر گرتن و خۆشاردنەوە کەوت. بەگرتنی ئەم کۆمیتەیە، ئیتر شیرازەی ڕێکخستن تەواو پسا و هێندەی دیکە لێکدابڕان ریزەکانی گرتەوە. ئەم بارە نالەبارە، دوو مانگێکی ئیختیفا و لێکدابڕانی ڕێکخستن هەتا بڵێی ناخۆش بوو. ناخۆشە خۆت شاردبێتەوە و ئاگات لە هەوڵ و

دەنگوباس و سەرکردایەتی ڕێکخستنەکەت نەمابێ. ڕژێمیش کوناوکون بەدوای ڕێکخستنەکەتەوەبێ. هەرچی چۆنێ بووە ئەم دوو مانگەش گوزەرا. لەگەڵ کاک سالار عەزیز تەگبیرمان کرد ڕێکخستن بگرینەوە. من سەفەری کەرکوکم کرد بۆ لای شەهید ئازاد هەورامی، پێکەوەش چوینە هەولێر بۆلای شەهید عبدالرزاق. ژوانگەی کۆبونەوەمان لە سلێمانی دانا. بۆ ئەم کارانەش شەهید ئارام، یەکێك بوو لەو کەسانەی بەهەموو توانایەکی فکری و سیاسی و ڕێکخراوەیی شانیدایە بەر ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان. یەکەمین کۆبونەوەی لێپرسراوانی هەرێمەکان: ١- شەهید عبدالرزاق – هەرێمی هەولێر" ٢-شەهید ئازاد هەورامی – هەرێمی کەرکوك، ٣- کاک سالار – هەرێمی سلێمانی، ٤- مەلابەختیار – هەرێمی بەغدا و خانەقین، ٥- کاکە ئارام – وەکو لێوەشاوەترین هاوڕێی کۆمەڵە دوای ڕۆیشتنی سەرکردایەتی کۆمەڵە بۆ کۆبونەوەکە بانگکرا. هەر لە یەکەمین دانیشتندا، بە بیری ورد و لێکدانەوەی هەلومەرجەکە و، دیاریکردنی کەموکوڕیەکان و، داڕشتنی بەرنامەی کارکردن و، ساغکردنەوەی ئەرکەکان، شەهید وەکو لێپرسراوی کۆمیتەکەمانی لێهات و ڕاسپێدرا، ئەرکی نوسین و داڕشتنی بەرنامەی کاری ڕێکخستن بگرێتەئەستۆ. لە دووەم دانیشتن کە لە ماڵی کاک (ئەمینی وەستا عەزین) برای کاک سالار، لە سابونکەران دانیشتین، هەر ئەو ڕۆژە کۆتایی ساڵی (١٩٧٥) بوو، هاوڕێیانی سەرکردایەتی کۆمەڵە لەلایەن ئێرانەوە لە ڕێگەی پێنجوێنەوە، تەسلیم بە ڕژێم کرابونەوە. کۆبونەوەکە هەتا بڵێی دڵتەنگ بو. ئاسان نەبو کەسمان بتوانین بڕیش بکەینەوە. کاکە ئارام، لەم کاتەشدا بە ورەتر لە هەمومان ورەی بەرزکردینەوە و هانیداین کە بەوپەڕی توانا خەبات بکەین ڕێبازی کۆمەڵە پەرەپێبدەین. ورەی ڕێکخستن بەرزبکەینەوە و نەهێڵین بەهۆی تەسلیمکردنەوەی هاوڕێیانەوە، دژمن کاریگەری دەرونی زۆر بکاتە سەر هاوڕێیان. هەرچەندە لەهەر شارێك چەند هاوڕێیەك ورەیان بەردا و هەندێکیشیان بیروڕای سەیر سەیر بەمێشکیاندا، دەهات! هەندێکیش هەر ڕوخان!!

## (٢)
## هۆنینەوەی شیرازەی ڕێکخستن

دوای ئەو کۆبونەوەیە کە بناغەیەکی نوێی بۆ سەرکردایەتی داڕشت و هێڵە گشتیەکانی سیاسەتی کۆمەڵە و چۆنیەتی خۆئامادەکردنی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە سەنگینەکان ساغکرایەوە، شەهید ئارام، هەم بە نوسین و، هەم بە ماڵەوماڵ بینینی هاوڕێیان و، هەم بۆ چارەسەرکردنی کیشەکان و، هەم بە داڕشتنی تاکتیکی شیاو بۆ دەربازبون لە نەخشەکانی ڕژێم، تەنانەت بۆ پەیداکردنی یارمەتی و پەیوەندیپێوەکردنی خەڵکی عەسکەری بۆ ئامادەکردنیان بۆ شۆڕش، ئارام بەگەرموگوڕی کەوتە تێکۆشان.

لەسەرەتای مانگی یەکەمی (١٩٧٦) وە بۆ ناوەڕاستی ساڵەکە، ئیتر کۆمەڵە نەك ڕێکخستنەکانی کۆکردەوەو شانە و کۆمیتە و هەرێمەکانی ڕێکخستنی بوژاندەوە، بەڵکو گەشەکردنێکی بەرچاویشی بەخۆیەوەدی. بەتایبەتی لەبەرامبەر شۆڤێنیەتی ڕژێم کە ناڕەزاییەکی لەڕادەبەدەری پەنگ خواردووی جەماوەر هەبوو، ئەم ناڕەزاییە وایکردبوو خەڵکی دڵسۆز عەودالی بەرەنگاربونەوەی پیلانەکانی ڕژێم ببنەوە. چونکە هەموو خەڵك دەترسان بەرەو جنوبیان ڕاگوێزن. سیاسەتی تەهجیر و تەعریب و بەعەرەب کردنی خوێندنی کوردی بێپەروا دەسەپێنرا. پەیتا پەیتاش خەڵك ڕادەگوێزرایە جنوب. بەتایبەتی لە کەرکوك و خانەقین و مەندەلی و ژەنگار و بەدرە و جەلەولا. ئەمەش دۆخێکی سیاسی بابەتی لەناو گەلەکەماندا خوڵقاندبوو کە ڕژێم لەبەرامبەریا بێمنەت و بێباك بوو. بەڵام کۆمەڵە لەناو کوردستان و یەکێتیش لەدەرەوە دەرکی ئەو دۆخە بابەتیەیان کردبوو، کە دوای هەرەس جۆشی دەخوارد.

دوای هۆنینەوەی شیرازەی ڕێکخستن و پەرەسەندنی، گەورەترین گرفتمان نەبونی پەیوەندی بوو بە بەڕێز مام جەلال و دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی. هەموومان سەرگەرمی چۆنیەتی دابینکردنی ڕێگەیەکی ئەمینی پەیوەندی بووین. بۆ ئەم مەبەستە، کاك (ئەبوشەهاب) لەڕێی عەرەبێکەوە هەوڵیدابوو پەیوەندی بەردەوام دروست بکا، سەرینەگرت. بەڵام نامیلکەی (الاتحاد الوطني لماذا؟) ی پێگەیشتبوو" جارێکیان مانگی (٥) ی (١٩٧٦) شەهید ئازاد و هەڤاڵێکی خانەقینی بەناوی (کەمال ئەحمەد) هەتا شارۆچکەی (رطبە) ش چون بەڵکو لەسنور بپەڕنەوە، سەرنەکەوتن" جارێکی دیکەش من و کاك ئازادی سەرگرمە و هەڤاڵ (کمال محمد ئەمین) چوینە دهۆك لەڕێی ماڵی هەڤاڵ (عەلی عەبداڵ) وە بەڵکو لەڕێی زاخۆوە دەربازبین، بەڵام بەداخەوە ئێمەش بەهۆی ڕوداوێکی دڵتەزێنەوە نەمانتوانی سەرکەوین.

ئەوکاتە من لەماڵی شەهید جەماله ڕەش خۆم شاردبووەوە باسی نەبونی پەیوەندیمان بە هەڤاڵ مام جەلال کرد، گوتی پاسەپۆرتم هەیە و من بەئاسانی دەچمە سوریا و پەیوندیەکە دروست دەکەم. کە بە شەهید ئارامم گوت، خۆی شەهید جەمالی بینی و یەکەمین نامەی

بۆ مام جەلال نوسی و بیرمە، لەنامەکەدا، باسی سیاسەتی رژێم، هەستی خەڵك، تەعریب، تەهجیر، بوژانەوەی رێکخستن و ئامادەیی خەڵك بۆ بەرەنگاری و شۆڕشی کردبوو. لەنامەکەدا، وێنەیەکی رونی دۆخی کوردستانی بۆ مام جەلال نوسی. هەروا باسی ئەوەشی بۆکردبوو کە بەرپاکردنی شۆڕش و گەڕانەوەی بەڕێزی زۆر گرنگە. لەوەڵامدا (مام) دەنگوباسی دەستەی دامەزرێنەر و ئامادەکردنی پێشمەرگە و ئەرکی سەرشانی رێکخستن و چۆنیەتی پەیوەندیپێوەکردنی بە شەهیدان (عەلی عەسکەری، عومەر دەبابە و د. خالید) و باڵی تازەدامەزراوی بزوتنەوەی کردبوو. ئامادەیشی دەربڕیبوو بەزووترین کات بگەڕێتەوە. لەگەڵ شەهید جەمالیشدا، چوار هەزار دیناریشی بۆناردبوین. مام بەناوی (جوتیار) ەوە، نامەکەی ناردبوو.

دوای ئیختیفاکردن و گرتن و راوەدونان، لەو نەبونی و بێپەنایی و دەردەسەریانەی بەسەرماندا هات، مەگەر هەر خۆمان بزانین نامەی مام جەلال و یارمەتیەکەی و دەنگوباسەکان، چ رۆحیەتێکی خۆشی لەناوماندا خوڵقاند. هەر بەراستی لە پەژارەی سەرفرازکردین و بەوردی تێگەیشتین ئیتر چی بکەین.

## (٣)

## خۆئامادەکردن بۆ پارتیزانی

پێش ئەوەی پەیوەندی بە دەرەوەی وڵاتەوە ببەستین، هەموو توانایەکمان خستبووەکار بۆ بەرپاکردنی شۆڕش: پەیوەندی بە کادرە عەسکەریەکانەوە کرابوو" ئەفسەرە لێوەشاوەکانی شۆڕشی ئەیلول ئاگادارکرابون: (١– ملازم عومەر. ٢– شەهید ملازم جوامێر. ٣ – شەهید ئەنوەری مەجید سوڵتان. ٤–شەهید ملازم ستاری سەعید خەڵف) . هەروا دەیان سەرلق و ئامربەتالیۆن و خەڵکی تر. شەهید ئارام و کاك سالار و بەندەش یەکە یەکە ئەم کادرە عەسکەریانەمان دەبینی. لە دەنگوباس ئاگادارمان دەکردن و چونەدەرەوەشمان لە ئان و کاتی خۆیدا، پێرادەگەیاندن. شەهید ئازاد هەورامی و شەهید عبدالرزاقیش لە هەولێر و کەرکوك بەهەمان شێوە خەریك بون. دیارە ئەو مەسەلانە تێکڕا ئەرکەکانیان سەنگینتر کردین، ئیتر هەم پێویستیمان بە بڵاوکراوە، هەم چەك و تەقەمەنی، هەم بە پارە هەبوو.

شەهید ئارام. نامیلکەی (الاتحاد الوطني لماذا؟) ی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و بەهەزار کوێرەوەری چاپمان کرد (پاشان لە شاخ چاپکراوەتەوە) دەستوری پیشمەرگە سەرەتاییەکانی شۆڕش و ئەرك و فەرمانەکانی پێشمەرگەی نوسی. ئەم نوسینانە، بۆ زەمان و زەمینەی خۆی، بەرچاورونیەکی تەواوی بەخشییە رێکخستن و دڵسۆزان.

بۆ چەکیش. تەنها شەهید ئارام و کاك سالار دەیانتوانی قەرز بکەن و چەکی پـێبکڕین. هەندێ دۆستی رێکخستنیش هەبون تاك و تەرا چەکی خۆیان پێبەخشین. (هەشبوو چەکی لـێدەشاردینەوە!!) بەپارەی قەرز، چەند قاچاخچیەکمان دۆزیەوە و برێ چەکمان لێکڕین. باشم لەبیرە، من و کاك سوارەی ئەحمەد عارف (کە ئێستا لەئەڵمانیایە) ، دەچوینە لای قاچاخچیەك کە بۆیاخچی بوو لەبەردەم سینەما دڵشاددا. بەدەم پێڵاو بۆیەکردنەوە، سەوای چەکمان لەگەڵ دەکرد. ئەوکاتە کلاشینکۆفی باش (٦٠ بۆ ٨٠ بۆ ١٠٠) دینار بوو. شەهید ئارام و کاك سالار پارەی دەوروبەری (١٥) چەکیان دابین کرد. دوایی زانیم کە پارەکە لە: جەمالە رەش، شەوکەت ئەمین، حاجی عەزیزی باوکی کاك سالار و کاك ئەمینی برای) قەرزکرابوو.

دوای ئەوەی زانیمان مەفرەزەکانی بادینان بەسەرۆکایەتی شەهید برایم عەزۆ، گەیشتونەتەوە کوردستان، ئیتر مانگی ٧ / ی (١٩٧٦) بڕیاردرا مەفرەزەکانی شارەزوور (بەچەکی خۆیانەوە) مەفرەزەی شارباژێر، دۆڵی جافایەتی، چەمی رێزان، عەسکەر، دەشتی هەولێر، قەندیل، پژدەر، قەراغ، بازیان، گەرمیان، باڵەکایەتی، دەشتی کۆیە، بەرکێو، پێنجوێن، بەمۆ، هەورامان. . تاد ئەم مەفرەزانە، لە مانگی ٧ هەتا (مانگی ٩/ی١٩٧٦) ، بەچەکی خۆیان و بێ چەك و کڕینی یەك یەك و دوو دووی چەك، نێردرانە دەرەوە. هەندێکیان خۆیان چونە ریزی پێشمەرگە. هاوزەمان، هەڤاڵانی بزوتنەوەی سۆسیالیستیش هەمان بڕیاری شۆڕشیان دابوو، تەنها ماوەی مانگێك مەفرەزەکانی ئێمە پێشکەوتبوو.

ئەو مەفرەزانەی کۆمەڵە سەرپەرشتی دەکردن، بە بڕیاری سەرکردایەتی کۆمەڵە، کاك سالار عەزیز کرایە فەرماندەی عەسکەرییان، کە هەڤاڵانی بزوتنەوەش هاتنە دەرەوە و سەرکردە و فەرماندەی بەئەزمون و بەناوبانگی وەکو شەهیدان: عەلی عەسکەری، عومەر دەبابە، د. خالید، سەعدی گچکە، ملازم تایەر، رەئووف بەگ، هەروا دەیان فەرماندە و ناوداری تر لەسەرانسەری کوردستانەوە هاتنەدەرەوە و شۆڕش هەتا کۆتایی ساڵی (١٩٧٦) بەتەواوەتی پەرەیسەند و چۆنایەتی پارتیزانی شۆڕشگێریشەوە ناوەخت گۆڕدرا

بۆ چەندایەتیەکی ئەوتۆ کە بە بـێتوانایی و، بـێپەیوەندی و، بێ بارەگای سەرکردایەتی و، بەبێ زاخاودانی فکری و سیاسی تەواوی هێزەکانی شۆڕشی نوێ لەبۆتەی خەباتی هاوبەشدا، ئاسان نەبوو ئەو هێزە چەندایەتیە زۆر و بۆرە کۆنترۆڵ بکرێ و بەپێی ڕێوشوێنی شۆڕشگێڕانەی پارتیزانی ئاڕاستەبکرێ. بەتایبەتی بۆیەکەمین جار بوو شۆڕشی کوردستان چەند لایەنێکی ڕێباز جیاواز بەرپای بکا و تاقە حیزبێکی پێشڕەوی شۆڕش ڕەتبکرێتەوە. کە شۆڕش بەو چەشنە پەرەی چەندایەتی سەند و گیروگرفت زۆر بوو، ئیتر پێویستی دەکرد شەهید ئارام بچێتەدەروە.

**( ٤ )**

## ئارام و . . چوونە ریزی شۆڕش

شەهید ئازاد هەورامی سەرەتای مانگی (١٠/ ی ١٩٧٦) هاتەوە سلێمانی. ئەوکاتەی هاتەوە، ڕێکخستن و پێشمەرگە و مەفرەزەکانی ناوشار لە جموجوڵی زۆردا بون. تیرۆرکردنی خۆفرۆشانیش دەستیپێکردبوو. ئومێدێکی زۆریش بە شۆڕش پەیدابوبوو. شەهید ئازاد هاتبوو بەدوای شەهید ئاراما هەتا لەگەڵیا بچێتە شوێنی دیاریکراوی هەڤاڵانی سەرکردایەتی ناو وڵات لە دۆڵی جافایەتی.

(١١/١٠-١٠-١٩٧٦) . . بە دۆڵەڕوتی پشتی سەرچنار، شەو، شەهید ئارام و ئازاد هەورامی بەرەو دۆڵی جافایەتی و گەورەدێ، کەوتنەڕێ. لەرێدا، شەهید ئارام هیلاك دەبێ بۆ نیوەڕۆ گوێدرێژێکی بچوکی بۆ پەیدادەکەن شاسوار سواردەبێ. بەچاویلکەیەکەوە قاچی بەولاوبەولای گوێدرێژەکەدا شۆڕدەبێ، دەڵێ: کاك ئازاد توخوا لە (دز و قازی ناچم) .

کە شەهید ئارام دەچێتە دەرەوە، چونکە پێشتر زۆربەی کادرە عەسکەری و سیاسیەکانی دیبوو، خۆیشی زۆبەیانی باوەڕپێهێنابوو بچنە دەرەوە" وەکو سەرکردایەتی هوشیار و نوسەر و خۆڕاگر ناسرابوو، خۆشاردنەوە و بەتەنگەوەچونی ڕێکخستن و دابینکردنی پێویستی، سەرباری هەموو ئەمانە، ئازایەتی لە بڕیاردانی بەرپاکردنی شۆڕش لەناو کوردستاندا، دەست بەجێ دوای ڕاگەیاندنی شۆڕش لە بادنان و هەناردنەوەی مەفرەزەکانی لە قامشلی، ئەم ڕاستیانە هەموو وایان کردبوو شەهید ئارام لە ڕابەرە هەرە خۆشەویستەکانی کۆمەڵە و یەکێتیی و شۆڕش بوو. بەبێئەوەی پارەی لەبەردەستدابێ، چەکمان هەبێ، پەیوەندی بەدەرەوە وەکو پێویست بێ، بەبێ بێتەل و، بەبێ بارەگای ئازاد و، بەبێ تەنانەت یارمەتیدانی پێشمەرگەش، شەهید ئارام ڕێز و خۆشەویستی و پایەیەکی گەروەی لەناو پێشمەرگە و کادر و سەرکردایەتی و کۆمەڵانی خەڵکدا هەبوو.

هەتا گەڕانەوەی مام جەلال و کۆبونەوەی سەرکردایەتی لەناو کوردستان و یەکخستنی سیاسەت و دەزگا ناوەندیەکانی یەکێتیی و شۆڕش، شەهید ئارام، بەش بە حاڵی کەسایەتی خۆی و سەرکردایەتی کۆمەڵە، ڕۆڵێکی مێژوویی لەبەرپابونی شۆڕش و ڕێکخستنی مەفرەزەکان و ئاڕاستەکردنیان و چارەسەرکردنی کێشەکاندا هەبوو، کەم جار لەمێژوودا، لەدوای گەورەترین هەرەس و شکست و کارەسات، سەرکردایەتی کەم ئەزمون و بێدەرامەت و بێچەك و تفاق، بەخۆشاردنەوە و پشتبەخۆبەستن و ئازایەتی، وەك شەهید ئارام توانیبێتی پرۆژەی بەرپاکردنی شۆڕش، بەپێی ئەو نەخشەیەی ڕابەری شۆڕشەکە (مام جەلال) و دەستەی دامەزرێنەری (ی. ن. ك) لەدەرەوەی کوردستان و بڕیار و بەرنامە تایبەتیەکانی (کۆمیتەی هەرێمەکان) ی ناو کوردستان، لەبەرامبەر دڕندەترین ڕژێمی ڕۆژهەڵاتدا، ڕابپەڕێنێ. ئەو ڕۆڵەی شەهید ئارام و (کۆمیتەی هەرێمەکان) لەکاتێکدا سەرکردایەتی کۆمەڵە گیرابون، مام جەلال و دەستەی دامەزرێنەر لە کۆمەڵە دابڕابون، هیچ جۆرە پەیوەندیەکیشمان لەگەڵ هەڤاڵانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی نەبوو، ڕۆڵێکی شۆڕشگێڕانەی دەگمەنە لە مێژووی کوردایەتیدا، کە پێم وایە، ئەو ڕۆڵە تەنزیمی و سیاسی و عەسکەرییە، بەش بە حاڵی ناو کوردستان، لەڕۆژانی ئیختیفاوە بۆ بەرپابونی شۆڕش و یەکەمین کۆبونەوەی سەرکردایەتی لە وڵاتدا، لەناو کۆمیتەی هەرێمەکاندا، بەشی گەشی بەر شەهیدئارام دەکەوێ.

**( ٥ )**

## بۆ مێژوو

بێگومان. . شۆڕشی گەلی کوردستانیش، وەکو شۆڕشی گەلانی دونیا، هەر لایەنی گەش و پرشنگدار نەبووە. ناکرێ هەر لایەنە چاکەکەی ببینین و هەڵەکانمان بشارینەوە. ئەم شۆڕشە بـێ تەنگوچەڵە، بـێ کێشە و بێشە، بێ ڕوانگەی جیاواز، بـێ حەساسیەتی گشتی و تایبەتی، بێ کارەسات و ناخۆشی، بێ بڕیاری سەرپێیی، بێ هەڵە و هەڵدێر، بێ شەڕی ناوخۆ، و تەقاندنەوەی ناوەختی ناکۆکیەکان. . تەنانەت بەبێ ڕق و کینە و کار و کاردانەوەش نەبووە. پێشم وایە مێژووی ئەم شۆڕشە" ڕوداوەکانی، کەسایەتیەکانی،

شەهیدەكانی، قارەمانەكانی، خۆڕاگری، بەرەنگاری، بە چاك و خراپیانەوە، زۆر كەمیان لەسەر نوسراوە و زۆریشیان ماوە لەسەریان بنوسرێ. كە هەر دەبێ سەراپایان بنوسرێتەوە.

ئەوەی لێرە گرنگە بیلێم، ئەوەیە كە شەهید ئارام هەتا گیانە پیرۆزەكەی لە بناری شاخی (كەڵەوێ) ی تەنیشت گوندی (تەنگیسەر) بەخت كرد، تێكۆشەرێكی بێفیز و زۆر دڵسۆز و شۆڕشگێڕ بوو. لەگەڵ بیروڕای خۆی و رزگاری گەلەكەی و رەنجدەراندا، راستگۆیەكی بێگەرد بوو. ئازا و ئازاد بوو لە دەربڕین و نوسین و مشتومڕی سیاسی و فەلسەفیدا. رابەرێكی چەپ، بەڵام چەپێكی سۆسیالیستی ریالیستی بوو. هەر لەسەرەتای دامەزراندنی كۆمەڵەوە، لەگەڵ هەندێك بیروبۆچونی وەكو (ماو) یەت و پاشكۆیەتی سیاسەتی چەپی وڵاتی (چین) نەبوو. دوور بوو لە توندڕەوایەتیە ئایدیۆلۆژیەی دوژمنایەتیكردنی شورەوی، گەرچی شورەویشی پێ سۆسیالیست نەبوو. كاتێك بەكردەوەش بوو بە رابەری كۆمەڵە، ئەو بیروڕایانەی خۆی لەمەڕ لابردنی رێبازی ماویزم وردەوردە خستە ریزكانی كۆمەڵە، كە پاشان لە یەكەمین كۆبونەوەی فراوانی كادرانی كۆمەڵە لە نۆكان (نەورۆزی ١٩٧٨) ئیتر بەتەواوەتی (ماویزم) لە بەرنامە و بۆچونی كۆمەڵە، وەكو ئایدیۆلۆژیەتێكی سەرەكی وەلانرا.

شەهید ئارام، سەرەڕای ئەوەی چەپێكی شۆڕشگێڕ و راستگۆ بوو، بەڵام تایبەتمەندێتی كوردەواریشی هەمیشە لەبەرچاو بوو، دۆخی سیاسی، باری كۆمەڵایەتی، ریزبەندی چینایەتی، ئاستی كرێكاران و. . لەهەمووش گرنگتر، گرنگی خەباتی رزگاری نیشتمانی كوردستانی بەقوڵی لێك دەدایەوە، هەر لەبەر رۆشنایی ئەم تێگەیشتنەش بوو، یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و رابەرێكی وەك مام جەلالی بۆ رابەرایەتیكردنی كوردایەتی پێ زۆر پێویست بوو. دەشی گوت: مام جەلال تاكە رابەرە بتوانین چارەنوسی خۆمانی بدەینەدەست.

كۆتایی مانگی شەش و سەرەتای مانگی (٧/ی ١٩٧٧) لە گوندی گوربازو خاوێ و تەنگیسەر و ئەو دەوروبەرە لەگەڵیا بوم و هاوڕێیانی دەشتی هەولێریش (شاخەوان عەباس، شەهید عەلی ساڵح و شەهید رێباز و شەهید ئەسعەد و شەهید عەلی برای) هاتبوونە لای، بۆ دواجار، هەفتەیەك لەگەڵیا بوم و رایسپاردم بەنوێنەرایەتی كۆمەڵە، بچمە پێشوازی مام جەلال بۆ هەكاری. بەپەرۆشیەكەوە چاوەڕێی گەڕانەوەی مام جەلالی دەكرد. زۆریشی لا مەبەست بوو من لە ئان و كاتی خۆیدا بگەمە شوێنی پێشوازی. (١٣) شەو و رۆژ بەڕێوەبوم هەتا گەیشتم. لەساتەكاتی خۆشیا، شەهید رەسول مامەند و كاك عادلی قیادە موەقەتە و شەهید داود و عەلی كۆ و من. . لە گوندی (ماسی رۆ) (١٩٧٧/٧/٢٠) بەیانیەكەی مام گەیشت و پێشوازیمان لێكرد.

ئارام. . پێچەوانەی هەندێ گروپی چەپی بەناو كۆمۆنیستی و ئەو سەردەمە لە مەسەلەی ئایدیۆلۆژیەتی ماركسیزم و حیزبایەتی ریالیستانە بیری دەكردەوە. یەكێك لە ناكۆكییە دیارەكانی لەگەڵ پارتی كۆمۆنیستی عێراقی (وحدة القاعدة) كە ئەوكاتە مەفرەزەیەكیان بەسەرۆكایەتی شەهید (فازڵی مەلا مەحمود) لەدەرەوەبون، لەسەر جیهانبینی ئایدیۆلۆژی و سیاسی بوو.

خەسڵەتێكی تری شەهید ئارام. . راستگۆیەتی بوو لە هاوڕێیەتی و خەباتی حیزبایەتیدا. كە دەبویتە هاوڕێی، بەڕاستی دەبووە هاوڕێت. ئیتر خەمی دەخواردیت و خەمت دەخوارد. گەر بشیویستایە مشتومڕێكت لەسەر بیری جیاواز، یان مەسەلەیەكی سیاسی لەگەڵ كردیتایە، ئارام ئارام دەیدوانیت و دەدوا. بەئارامیش بیروبۆچونەكانی روندكرەوە" تەنانەت رەخنەشی لێبگرتیتایە، بەمەبەستی چاككردن، رەخنەی دەگرت. دوای ئەوە رەخنەشی لێدەگرتیت، نەیدەهێشت هیچ چەشنە كاردانەوەیەكت لا دروست ببێ. بەڵكو دوای ئەوەی رەخنەی لێدەگرتیت، خۆشترت دەویست.

ئارام. . كەسایەتیەك بوو هەتا بڵێی قسەخۆش. رق و كینەی نەدەزانی. زوو دەچووە دڵ. لەدڵیش نەدەچووە دەر.

ناكرێ دوای چارەكە سەدەیەك لە شەهیدبون خمڵ لێبدرێ گەر ئارام بمایە، ئێستا چۆن بیری دەكردەوە، یان لە رێڕەوی ئەو ساڵانەدا چیبەسەر بیروڕایا دەهات. بەڵام دڵنیام شەهید ئارام گەر بمابا، لە ئێمەومانان وردتر بیریدەكردەوە. ژیرتریش لە گۆڕانكاریەكانی سیاسەت و كۆمەڵ و ژیان تێدەگەیشت. پێشم وایە، گەر بمابا، رەنگبوو، بەش بە حاڵی ئێمەی هاوڕێی لە رۆژگاری ئیختیفا و دەستەی یەكەمی بەرپاكردنی شۆڕش، دەڵێم: گەر ئارام مابا، سیاسەت و بیركردنەوەی ئارام، بابەتیتر و مەنتقیتر دەبوو. بەدووریشی نازانم، لەهەموو بارێكەوە، ببوایەتە مایەی ئەوەی هەندێك هەڵە نەكەین و نەكرێ. چونكە چاك چاك دەزانم ئارام. . لە بڕیارە چارەنوسسازەكاندا چەند قوڵ بیری دەكردەوە و چەندیش ئایندەی لەبەرچاو دەگرت" باش باش دەزانم ئارام لە مەسەلە

www.kurdistannet.org
31-1-2003 15:57

بنەڕەتیەکاندا، نە هەڵەی دەکرد و نە هەڵەشی بە هەڵە چارەسەردەکرد. نە رقی لە ناکۆکییە سیاسیەکان هەتا رادەی لێکدابڕان هەڵدەسا و نە بە کاردانەوەش بەرامبەر رق، هەڵوێستی وەردەگرت.

من ئارامم ناسیبێ. . بەڕاستی لە دونیای خەباتدا، لە سیاسەت و لەبەرامبەر کێشە و ناکۆکی و ئەرکەکاندا، ئارام هەر ئارام دەبوو. هەر بەئارامیش لەسەر رێبازی شۆڕشگێڕانەی دەمایەوە.

ئێستا وەکو شەهیدانی سەرکردە و هەموو شەهیدێکی ئازادیخوازی کوردستان، ئارام شەهید کراوە و جگە لە ئارامگایەك و بەرهەمەکانی، تەنها یادگاریەکانی ماوەتەوە. بەهیوا. . ئەوانەی لە تافی لاوێتیەوە هەتا ساتەکاتی شەهیدبونی دەیناسن، هەریەکە لەئاستی خۆیەوە، لە بۆنە و یادەکانیدا، بەویژدانەوە بیرەوەریەکانی بۆ نەوەی ئێستا و دوارۆژ بگێڕنەوە. ئەمەش لایەنی کەمی وەفایە بەرامبەر شەهیدێك. . هەتا لەژیاندا بوو رقی لە کەس نەبوو. لەپێناوی ئەوەش شەهیدبوو، مرۆڤ رقی لە مرۆڤ نەبێتەوە. لەکۆتاییدا دەڵێم: سەد خۆزگە شەهید ئارام لەقەراغ ئەوەندە زۆر نەمابا" سەد خۆزگە بەیەك و دوو پێشمەرگە نەسوڕایەتەوە" ئەم دوو هەڵە گەورەیە. . بونەمایەی شەهیدبونی" وادیارە پیاوی گەورەش هەڵەی بچوکی ئەوتۆ دەکەن، کارەساتی گەورەیان لێدەکەوێتەوە.

( ٦ )

## تێبینی بۆ مێژوو

لەکۆتاییشدا شایەنی یادەکەیە بۆ مێژوو بیڵێم، لەکاتی خۆشاردنەوەدا، ئەم ماڵانە زۆر بە شەهید ئارام و کۆمیتەی هەرێمەکانەوە، ماندووبون: ١- شەهید مامۆستا عەزیز مەحمود ٢- شەهید شازاد سائیب ٣-لەتیفی شێخ عومەر ٤- ئاوات قارەمانی ٥- شەهید جەماڵە رەش ٦- شەهید د. سەردار ٧- شەهید ئاشتی (ئەبوبەکر) ٨- شەهید شێخ عەول ٩- یونس عەبدوڵڵا غەفور١٠- ئەمینی حاجی عەزیز ١١- شەهید شامیل ١٢- شەهید ئازادی مەلا ١٣- عومەری مامە سەعە ١٤- مامۆستا سەلامی مەلا عبدالرحمان ١٥- باییز تاڵەبانی ١٦- ماڵی دلێری سەید مەجید. . (کاك دلێر زۆربەی کارەکانی شەهید ئارامی لەسلێمانی رادەپەڕاند) ١٧- ماڵی ئەحمەد کوردە (ئەحە سمێل) ١٨- ماڵی شەهید بەکری دارتاش ١٩- طەی قەڵاقایمز ٢٠- ماڵی طە باراوی ٢١- ئەحمەد عارف ٢٢- جەنابی شێخ نوری. . تاد. لەگەڵ داوای لێبوردن لەو ناوانەی کە بیرمان نەکەوتنەوە.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت